کۆتایی بایکۆت، کۆتایی ناڕەزایەتیەکان نیە! ... نوری بەشیر

ناڕەزایەتیەکانی مامۆستایان بۆ موچەکانیان، خواستی بژێوی خێزان و خێزانەکانیانە، خواستی بەردەوامی سفرەی هەژارانەیانە، خواستی داواکاری منالە چاوگەشەکانیانە کە لە خوشی و پێدوایستیە ئینسانیەکانی کۆمەڵگا مەحرومن، خواستی ئیدامەکاری مامۆستایە بۆ وتنەوەی وانە بەقوتابیان. هەموو ئەم داواکاری و خواستانە لانی کەمی پێدوایستیەکانی ژیان بوو، کە حکومەتی هەرێم و حکومەتە بنکە فراوان و حزبەکانی دەسەڵاتدار نە بەهەسمیان ناسی و نە وەڵامیان پێ دایەوە.
بەڵام مامۆستایان و بایکۆت و خواست و ناڕەزایەتیەکانیان، بووە قوربانی سیاسەتی حزبەکانی کوردایەتی و ئیسلامیەکان کەچاوەڕوانی ڕەحمەتی پارتی دەکەن، هەموو ئومیدو خواستی ناڕەزایەتی ڕۆژانەی مامۆستایان و وەڵامنەدانەوەیان، بووە ڕێکەوتن و ساتو سەودای گۆڕان و یەکێتی و ئیسلامیەکان و کۆبەکێیان بۆ شەریکە بەشی پارتی و لەناو خۆیاندا کەوتنە ملشکاندنی یەک، کە کامیان شەریکە بەشی ئەساسی پارتیە و جێگای زیاتر دەگرێت لای پارتی، دانیشتنی هەفتەی ڕابردووی یەکێتی و پارتی و ڕاگەیاندنی هاوبەشیان هێندەی تر گۆڕان و ئیسلامیەکانی تێ کرد کەدەبێ لەدەوری سیاسەتی پارتی کۆببنەوە و یەکێتی کردە شەریکە بەشی زیاتر لەوان.

گۆڕان و ئیسلامیەکان کارنامەی گەوجاندن و خۆکردنە چاوی خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی لە پاشەکشە پێکردنی بایکۆتی ناڕەزایەتی مامۆستایاندا کردیان، دڵی پارتیان ڕازیکردو کردیان بەدەستکەوتی پارتی و یەکێتی و پارتی تیا باڵا دەستبوو. هەموو ئەوانە ئەو ڕاستیەیان خستە بەردەم خەڵکی کوردستان کە ئەو حزبانە چەندە کێشەو ململانێیان هەبێت، بەڵام لەبەرامبەر خواست و ناڕەزایەتیەکانی خەڵکدا یەک دەست و یەک هەڵوێستن بۆ پاشەکشە بەدواکاری خەڵکی کرێکارو بەشمەینەت.
بایکۆت بەجیا لەتەشخیسی دروست یان نا دروستی مامۆستایان بۆ خواستەکانیان، شێوەیەکی ناڕەزایەتی بوو لەبەرامبەر حزب گەلێکی کوردایەتی و ئیسلامیدا کەڕۆژانە پیرۆزی خاک و نیشتمان و ئاڵا و سەرۆک و پێشمەرگەو ماڵە شەهید و ئایین و شەرەف دەرخواردی خەڵک

دەدەن، بەڵام موچەو پاروی دەمی منااڵانی مامۆستایان و خەڵکی کوردستان و هەتا منااڵامی ئەوە پشمەرگەو ماڵە شەهیدانەی خۆیان تەپڵی پیرۆزی بۆ لێدەدەن، بەهەوا نابینن و بۆیان گرنگ نیە.

گشتی و ئیسلامیەکان، پاشەکشەیان سەپاند بەسەر ناڕەزایەتی بایکۆتی مامۆستایان بۆ موچەکانیان، بەڵام خواستی موچەی مامۆستایان لەجیگای خۆی ماوە و وەڵامی پینەدراوەتەوە، بەڵام ریسواییەکی تر چووە سەر کارنامەکانی ئەو حزبانەی شەریکی پارتی. وەڵامنەدانەوە و نەچوونە ژێر باری داواکانی مامۆستایان، ناڕەزایەتیەکانی لەسەر ئاستی کۆمەگادا فراوان و بەزیندویی لەناوەندەکانی کار و گەڕەک و قوتابخانەو زانکۆکاندا دەهێڵتەوە. حزبەکانی کوردایەتی شەریکە بەشی پارتی بەم هەنگاوەی بردنە دواوەی ناڕەزایەتی بایکۆتی مامۆستایان بۆ موچەکانیان، وەڵامیان بەداوای پارتی دایەوە بەدژی خواستەکانی مامۆستایان، بەڵام بەدڵنیاییەوە هەر دەبێ لەچوارچێوەی سیاسەت و بەرنامەکانی پارتیدا کارەکانیان بەرنە پێشەوەو ئەگەرچی پەرلەمانەکەشیان بۆ کارا بکاتەوە.

ناڕەزایەتیەکان لەکوردستاندا، لەجاران فراوانتر دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەوە تەنها موچە نیە کەخواستی مامۆستایان و زۆر بەشی تری کۆمەگایە، خواستە سەرەتاییەکانی ئاو، کارەبا، خزمەتگوزاریەکانی ڕێگاو بان، خواستەکانی قوتابیان، ژنان، لاوان، کار بۆ بێکاران، وە ناڕەزایەتی لەبەرامبەر تایبەتیکردندا کە نرخەکان دەباتە سەرەوە، هاوکات بێوەڵامی حزبە میلیشیاکانی کوردایەتی، قێشتی چینایەتی فراوان دەکاتەوە، لەبەرئەوەی کێشەکان کێشەی خواستە چینایەتیەکانی کرێکاران و خەڵکی کەمدەرامەتە کەزۆربەی زۆری کۆمەگا پێکدەهێنن لەبەرامبەر کەمایەتیەکی سەرمایەداری تاڵانکارو مافیاو دژی خەڵکیدا، بەڵام تەجروبەی ناڕەزایەتیەکان ئەوەی سەلماند کەدەبێ ناڕەزایەتیەکان لەدەرەوەی کارنامەو سیاسەت و چەواشەکاریەکانی حزبەکانی کوردایەتیدا بێت، کەئاسۆی ناسیۆنالیزم و ئیسلامی زاڵە بەسەریدا، کەبەرژەوەندی بۆرژوازیانەی لەپشتەوەیە. بۆیە دەبێ ناڕەزایەتیەکانی کوردستان، هاوکات کە ناڕەزایەتی سیاسیەو دەبێ ئاسۆی سۆسیالسیتی بەسەریدا زاڵ بێت و هەر بەم دیدگایەشەوە ڕێکخراو بێت کەبۆخۆی دیفاعی شۆڵگیر لەخواستەکانی خەڵک دەکات و زامنی بەسەرکەوتن گەیاندنی خواستەکان دەکات.

16/1/2017